**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە: ١٩٤٠ لە ٢٠٢١/١١/٢٢**

پشت بەست بە ئەحکامەکانی ماددەی (١٠) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و ئەحکامەکانی بەشی دووەم و ماددەی (٤٥) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٠٨، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی پاراستن وچاککردنی هەوا**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: دەستە** : دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان .

**دووەم: سەرۆك** : سەرۆکی دەستە .

**سێیەم: لایەنە (تایبەتمەندەکان) پسپۆریەکان**: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و فەرمانگەکانی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە .

**چوارەم** : **لایەنی پەیوەندیدار** : وەزارەتەکان و دەستەکان و ڕێکخراوەکان و کۆمپانیاکانی پەیوەندیدار بەو پرۆژانەی کە کاردەکەنە سەر ژینگە دەگرێتەوە .

**پێنجەم: هەوای دەوروبەر** : واتا ئەو بەشە لە هەوای دەوروبەری شوێنەکانی نیشتەجێبوون و بازرگانی و خۆشگوزەرانی (ڕابواردن) گشتی و تایبەتەکان و شوێنەکانی کارکردن بۆ چالاکییەکان و پرۆژە پیشەسازییەکان.

**شەشەم: پیسبوونی هەوای دەوروبەر** : بوونی پیسکەرێك یان تێکەڵەیەك لە پیسکەرەکان لە هەوای دەوروبەر بە بڕ و چڕییەکی زیاتر لە سنووری ڕێپێدراو و لە ماوەی کاتی دیاری کراو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە مرۆڤ و بوونەوەری زیندوی تر یان پێکهێنەرە نا زیندووەکان.

**حەوتەم پیسکەرەکانی هەوا** : بریتیە لە ( ئۆزۆنی زەمینی زیان بەخش، وردیلە هەڵواسراوەکان کە دەکرێت هەڵبمژرێن، یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن، دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین، دووەم ئۆکسیدی گۆگرد وقورقوشم) کە لەم ڕێنماییەدا دیاری کراون سەرەڕای دوکەڵ و هەڵم و گازەکان و تەپ و تۆزو تەنی (هیس)و تەم و مژ و بۆن و تەنۆلکەو وردیلەکان و مادده ژەهراوییەکان و هەر ماددەیەکی ژەهراوی یان پیسکەرێکی تر .

**هەشتەم: کوالێتی هەوا** : ئەو پلەیە کە تێیدا هەوای دەوروبەر لە شوێنێکی دا یان هیچ پیسکەرێکی تێدا نیە، یان لە نێو سنووری ڕێپێدراوە یان تێیپەڕاندوە .

**نـۆیەم: دیاریکەرەکــانی کــوالێتی هەوای دەوروبەر** : ئەو سـنووره ڕێپێـدراوانەن بـۆ ئاسـتەکانی پیسـکەرەکان بە پێـوەر وپێـوانەی دیـاریکراو کە ناکرێـت تێبپەڕێنـدرێن لە هەوای دەوروبەر لە هەرێمی کوردستان .

**دەیەم: سـنووری ڕێپێـدراو** : واتـا ڕێـژەی چـڕی پیسـکەرەکان لە هەوای دەوروبەر کە کارنـاکەنە سـەر مرۆڤ و بوونەوەرە زیندووەکان لە یەکەیەکی کاتی دیاریکراودا .

**یـازدەهەم: دیاریکەرەکانی دەرپەڕاندن**: ئەو پەڕی سنووری ڕێپێدراوە بۆ چـڕی پیسـکەرەکانی هەوا کە ڕێگە بە دەرهاوێشتنیان دەدرێت لە هەوادا .

**دوازدەهەم: ئۆزۆنی زەمینی زیان بەخش** : گازی ئۆزۆن پێکدێت لە (٣) گەردیـلەی ئۆکسـجین شـێوگی کیمیایەکەی (O3 ) ئەوەش گازێکی زیان بەخشە بۆ ژینگە و تەندروستی و لە هەوادا پێکدێت، لە ئاکامی کارلێککردنی ئۆکسـیدەکانی نـایترۆجین لەگەڵ ئـاوێتە ئۆرگانییەکـان بە هەواداچووەکـان (VOC) بە بوونی تیشکی ڕۆژ و گەرمی کەشوهەوا .

**سـێزدەهەم: ئـاوێتە ئۆرگـانییە بە هەوادا چووەکـان** ( VOC Volatile Organic Compound ) : بریتین لەو ئاوێتە کیمیاییە ئۆرگانییانەی کە پەستانێکی هەڵمی بەرزیان هەیە بە جۆرێـك بڕێکـی زۆری دەبێــتە هەڵـم و دەچێــتە بەرگە هەوا لە بــارودۆخی ئاســایی دا . وەك ( ئەڵدیهایــدەکان وکیتۆنەکان وهایدرۆکاربونەکان) .

**چواردەیەم: ووردیلە هەڵواسراوەکان کە دەکرێت هەڵبمژرێن** : ئەو خڵتە ڕەق و شلە هەڵواسـراوانەن لە هەوادا کە دەکرێت هەڵبمژرێن، ئەوانیش دوو جۆرن :

أ- وردیلە درشتەکان : ئەو وردیلانەن کە تیرەکانیان لە نێوان (٢.٥) مایکرۆمەتر تا (١٠) مایکرۆمەترە .

ب- وردیلە زۆر بچوکەکان : ئەو وردیلانەن کە تیرەکانیان لە (٢.٥) مایکرۆمەتر کەمترە .

**پازدەیەم: سەرچاوەکانی پیسبوون** : بریتین لە سەرچاوە سروشتییەکان یان چـالاکییە مرۆییەکـان کە دەبنە هۆی دەرهاوێشتنی پیسکەرەکان بۆ هەوا، بە جۆرێك کە دەبێتە هۆی پیسبوونی هەوا .

**شـازدەیەم: سـەرچاوەکانی دەرهاوێشـتن** : هەر کارێــك یــان چــالاکییەك یــان هەردووکیــان کە دەرهاوێشتەکان دەربکات لە سەرچاوەی جێگیر یان جوڵاو :

أ- سەرچاوە جێگیرەکانی دەرهاوێشتن : خۆی لە چالاکی یـان پڕۆژەکـان یـان هەر سـەرچاوەیەك کە دەرهاوێشـتن دەربکـات بـۆ هەوای دەوروبەر دەبینێـتەوە کە سـەرچاوەکە لە شـوێنیکی دیـاریکراو جێگیرە .

ب- سەرچاوە جووڵاوەکـانی دەرهاوێشـتن : ئەمـانەی سـەرچاوەی جـووڵاون کە خـۆی لە هۆکارەکـانی گواستنەوەی جووڵاو (سوارۆ تایبەت و گشتیەکان و پاسەکان و بارهەڵگرەکان و ئەو سەرچاوانەی کە دەجووڵێن) دەبینێتەوە .

**حەڤدەیەم**: **پاشماوە رەقەکان** : ئەو پاشماوانەن کە لە چالاکییەکانی ماڵان و پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵییەکان دێنە ئاراوە کە ریسایکلین ناکرێن یان (دووبارە بەکارناهێنرێتەوە) بەڵکو بەرێگەی زانستی و ژینگەیی چارەسەردەکرێن و خۆیان لێ ڕزگار دەکرێت .

**هەژدەیەم**: **پاشماوە پزیشکییەکان** : ئەو پاشماوانەن کە پێکدێن لە پارچەی تێکچوی لەشی مرۆڤ یان گیانلەبەران یان خوێن یان شلەکانی لەش و دەردراوەکان و شاش و سرنج و دەرزی و ئامێرە پزیشکییە تیژەکان و...هیتر لەکەرەستە بەجێماوەکانیتری خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی.

**نۆزدەیەم**: **پاشماوەی ڤیتێرنەرییەکان**: ئەو پاشماوانەن کە پێکدێن لە پارچەکانی گیانلەبەرەکان یان گیانلەبەرە مردار بووەوەکان یان لە پاشماوەکانی سەربڕخانەکان لە ( خوێن و خوری و تووکی باڵندەو بەشەکانی کۆئەندامی هەرس) .

**بیستەم**: **نیشاندەری کوالێتی هەوا** Air Quality Index AQI : پێوەرێکی ژمارەییە (دیجیتاڵە) کە رۆژانە بەکاردەهێنرێت بۆ پێڕاگەیاندنی کوالێتی هەواو کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ و ژینگە، کە ئاستەکانی پاکی هەوا یان پیسبوونی ڕوون دەکاتەوەو ئەو کاریگەرییە تەندروستیانە چین کە پەیوەستن بە هەر پیسکەرێك و ئاستی هەبوونی . ئەم نیشاندەرە بە گشتی وەستاوە لەسەر پێنج پیسکەرەکانی هەوا ( $SO_2$- $NO_2$- CO- $O_3$- $PM_{2.5,10}$ ) .

**بیست و یەکەم**: **سیستەمەکانی چاودێریکردنی دەرهاوێشتەکان** : ئەو ئامێر وتەکنەلۆجیاو مۆدێل و پرۆگرامانەن کە دەرهاوێشتن و بڵاوبوونەوەی پیسکەرەکان لە هەوای دەوروبەردا دەپێوێت و تۆمار دەکات و روون دەکاتەوە، کە لە سەرچاوە جێگیر و جووڵاوەکان دەردەچن .

**بیست و دووەم**: **سیستەمەکانی کۆنترۆڵ کردنی پیسکەرەکان**: ئەو هەوا پاڵێو و تەکنەلۆجیا وفلتەرو رێوشوێنانەن کە دەرهاوێشتەی پیسکەرەکان لە هەوادا سنووردار دەکەن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دیاریکەرە باسکراوەکان لەم رێنماییەدا تێنەپەرێنن .

**بیست وسێیەم**: **هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی**: Environmental Impact Assessment (EIA): دیاریکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کاریگەریەکانی هەر پرۆژەیەك یان دامەزراوەیەك یان چالاکییەك لەسەر ژینگە پێش دەستپێکردن بە جێبەجێکردنی و دیاریکردنی رێوشوێنی پێویست بۆ نەهێشتن یان سووککردنی کاریگەرە نەرێنیەکان لەسەر ژینگە و هەوا و سەرچاوە سروشتییەکان.

**ماددەی (٢):**

ئامانج لەم رێنماییە پاراستنی کوالێتی هەوای دەوروبەر و چاککردنی و گرتنەبەری پرۆگرامەکانی چاودێریکردن و کۆنترۆلکردن و بەدواداچوونی سەرچاوەکانی دەرهاوێشتەی پیسکەرەکان.

**ماددەی (٣):**

دەستە پابەند دەبێت بە دامەزراندن و پەرەپیدان و نوێ کردنەوەی تۆڕەکانی چاودێریکردنی بەردەوامی کوالێتی هەوای دەوروبەر لە هەرێمی کوردستان بەهاوکاری لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار.

**ماددەی (٤):** ئەرکەکان و بەرپرسیارێتیەکان :

لایەنە تایبەتمەندەکان هەڵدەستن بە پاراستنی هەوای دەوروبەر لە پیسکەرەکان لەڕێگەی ئەم ئەرك و کارانەی خوارەوە:

**یەکەم**: دیاریکردنی ناوچە و تیشکۆکانی (بؤر التلوث) پیسبوونی هەوا لە ڕیگەی بەرنامەی چاودێریکردنی کوالێتی هەوای دەوروبەر و دەرهاوێشتەی چالاکی و پرۆژەکان و دیاریکردنی ڕێگەو میکانیزم و ئامێرە پێویستەکان بۆ هەر حاڵەتێکی پیسبوون.

**دووەم**: ئەنجامدانی رووپێو و شیکردنەوە پێویستەکان بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی پیسبوون و دیاریکردنی هۆکارەکانی بەجۆریك کە سنوورە رێپێدراوەکان تێنەپەڕێنن، بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**سێیەم**: پۆلێنکردنی چالاکیە پیسکەرەکانی هەوا لە هەرێم بەپێی کوالێتی و بڕ و کاریگەری ئەو پیسکەرانەی کە لێیانەوە دەردەچن .

**چوارەم**: چاودێریکردن و پشکنینی گشت چالاکی و دامەزراوە و پرۆژە گشتی و تایبەتەکان کە پیسکەری ژینگەن لەریگەی ئەنجامدانی :

أ- پێوانەکردنە خولییەکان بۆ دیاریکردنی دەرهاوێشتەکان و کوالێتی هەوای دەوروبەر.

ب- دڵنیابوون لە بوونی سیستەمەکانی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی بەردەوامی دەرهاوێشتەکان و هەڵسەنگاندنی چووستیان (تواناپان) .

ج- ڕێکخستنی کۆنووسێك دەربارەی پرۆسەی چاودێریکردن و پشکنین کە ئەنجامی پێوانەکانی سەرچاوەکانی دەرهاوێشتەی پیسکەرەکان و هەوای دەوروبەر و مەودای گونجانیان، لەگەڵ دیاریکەرەکان لەخۆبگرێت لەگەڵ راسپاردە و تێبینیەکان بۆ وەرگرتنی رێوشوێنی پێویست.

**پێنجەم**: دەبێت رەزامەندی دەستە و فەرمانگەکانی خۆی وەربگیرێت پێش دەستپێکردن بەهەر پرۆژەیەك یان چالاکیەکی ئایندە کە کاربکاتە سەر کوالێتی هەوا.

**شەشەم**: دامەزراندنی وێستگەکانی چاودێریکردنی جێگیر بۆ پیسکەرەکانی هەوا لە ناوچەکانی هەرێم بەجۆریك کە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی بە دەستە بەسترابێتەوە , وێرای دابینکردنی وێستگە گەڕۆکەکان و ئامێرە بارکراوەکان بۆ پێوانەکردنی تەرکیزەکانی پیسکەرەکان کە بەکاردەهێنرێن بۆ مەبەستەکانی چاودێریکردن و پشکنین.

**ماددەی (٥):**

دەسـتە هەڵدەسـتێت بە پرۆسـەکانی چـاودێریکردن و هەڵسـەنگاندنی بەردەوام و ئامـادەکردنی لێکۆڵینەوەکـان و توێژینەوەکـان و پارێزگـاریکردن لە کـوالێتی هەوای دەوروبەر و سـنووردارکردنی کـاریگەرییە زیانبەخشـەکانی پەیـدابوو لە دەرهاوێشـتنی گـازە پیسـکەرەکان، هەڵدەسـتێت بەدیاریکردنی نیشاندەری کوالێتی هەوای دەوروبەری تایبەت بە هەرێمی کوردستان AQI .

**ماددەی (٦):**

دەستە بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان تایبەتمەند دەبێت بە ئامادەکردنی سیستەمی زانیـاری تـایبەت بە کـوالێتی هەوا لە هەرێم. و گشـت لایەنەکـانی پەیوەندیـدار بە سـەرچاوەکانی دەرهاویشتەی جێگیر و جوڵاوەکان دەبێت ئەمانەی خوارەوە بە دەستە بدەن:

**یەکەم**: گشـت داتـا و زانیـارییە بەردەسـتەکان لە تۆمارەکانیـان یـان ئەوانەی کە رەنگـدانەوەی چالاکییەکانیان لە پرۆژە پیشەسازی وتەندروستی و بازرگانی وخزمەتگوزارییەکـان و لەوانەش پیشـەییەکان و پرۆژەکـانی وەبەرهێنـان بەگشـت جۆرەکـانی و ئەوانەی کە دەکەونە نـاوچە پیشەسازییەکان یان ناوچە ئازادەکان یان ئەوانەی کە دواتر دادەمەزرێندرێن.

**دووەم**: داتـا و زانیاریەکـان دەربـارەی ژمـارە و سروشـتی کۆگاکـان کە کەرسـتەی کیمیـایی و ژەهـراوی تێدایە کە مەترسییەکی زۆریان هەیە لەسەر هەوای دەوروبەر.

**ماددەی (٧):**

ئامادەکردنی راپـۆرتیکی سـالانەی تـایبەت بە هەڵسـەنگاندنی کـوالێتی هەوای دەوروبەر کە مەودای پابەنـدبوونی سـەرچاوەکان بە دیاریکەرەکـانی دەرهاوێشـتەکانی پیسـکەرەکان روون بکـاتەوە بە پشتبەستن بە داتا و زانیاریەکان کە بەدەست دەهێنرێن لە سیستەمەکانی چاودێریکردن و پشکنین.

**ماددەی (٨):**

پاشکۆی ژمارە (١) پشـتی پێدەبەسـترێت وەك ئاسـتەکانی رێپێـدراو بـۆ شـەش پیسـکەرە بـاوەکە لە هەوای دەوروبەر لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٩):**

گشت ئەو چالاکی و پرۆژانەی لە کەرتی تایبەت و گشتیدا دەبنە هۆی پیسـبوونی هەوا پابەنـد دەبـن بەوانەی خوارەوە:

**یەکەم**: پێشکەشـکردنی راپـۆرتێکی هەڵسـەنگاندنی کـاریگەری ژینگەیـی پـێش دەسـتپێکردن بەدامەزراندنی پرۆژەکە کە ئەم رێوشوێنانەی خوارەوە لەخۆ بگرێـت کە پێویسـتن بـۆ پاراسـتنی کوالێتی هەوای دەوروبەر:

أ- هەڵسەنگاندنی کاریگەری پرۆژەکە لەسەر کوالێتی هەوا.

ب-ئەو ئامرازە پێشنیازکراوەکان بۆ سنووردارکردن و چارەسەرکردنی هۆکارەکـانی پیسـبوونی هەوا بەشێوەیەك کە گوێڕایەڵ بوون بە رێنماییە کارپێکراوەکان بەدیبهێنێت.

ج- حاڵەتەکانی لەناکاو و ڕێتێچووی پیسبوونی هەوا و وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆیان.

د- جێگرەوە شیاوەکان بۆ بەکارهێنانی تەکنیکەکانی دۆستی ژینگە بۆ کەمکردنەوەی پیسبوونی هەوا.

**دووەم:** دابینکردنی سیستەمەکانی چاودێری بۆ چاودێریکردنی پیسکەرەکانی هەواو هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانیان, دەستە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئەو چالاکی و پرۆژانەی کە پێویستە بەبوونی ئەم سیستەمانە تییاندا دەکات.

**سێیەم** : دامەزراندنی سیستەمەکانی کۆنترۆڵکردن لەسەر سەرچاوەکانی پیسبوونی هەوا و دڵنیابوون لە چوستیان و چارەسەرکردنی کەم وکوڕی لە کاتی ڕوودانیدا، وە ئاگادارکردنەوەی دەستە لێی .

**چوارەم** : دروستکردنی داتابەیسێك لە بواری پاراستنی هەواو بەردەوامکردنی .

**پێنجەم:** پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی خولی یان ساڵانەیی دەربارەی دەرهاویشتەکانیان بۆ لایەنە تایبەتمەندەکان لە پارێزگاو ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (١٠):**

پێویستە گشت چالاکی و پرۆژەکان ئاسانکاری پێویست پێشکەش بە لایەنە تایبەتمەندەکان بکەن لە ماوەی پرۆسەکانی پشکنین و هەڵسەنگاندن. ئاسانکاریەکانیش ئەمانە دەگرێتەوە :

**یەکەم** : ڕێگەدان بە چوونە ژوورەوە بۆ هەموو شوێنەکانی چالاکیەکان و پرۆژە پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی و تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان و پرۆژەکانی تر کە دەبنە هۆی پیسبوون .

**دووەم:** پێشکەشکردنی بەڵگەنامەو داتاکانی پەیوەندیدار بە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی پیسکەرە دەرچووەکان و ڕێوشوێنەکانی وەرگیراو بۆ چارەسەرکردن لە لایەن خاوەن پرۆژە یان چالاکیەکە.

**ماددەی (١١):**

لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند دەبن بەجێبەجێ کردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە بۆ کەمکردنەوەی پیسبوونی پەیدابوو لە سەرچاوە جولاوەکان :

**یەکەم:** ئەنجامدانی پشکنینی گزۆز ساڵانە بۆ سوارۆ تایبەتەکان و ئۆتۆمبێلەکانی کرێ و گواستنەوەی گشتی و بارهەڵگرەکان هەر (٦) شەش مانگ جارێك.

**دووەم:** چاودێریکردنی ئەو دەرهاویشتنانە کە پەیدا دەبن لە گشت جۆرەکانی سوارۆکان و سەپاندنی پێبژاردن لەسەر سوارۆ سەرپێچیکەرەکان ئەمەش لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە گشت پارێزگا و ئیدارەکان دا ، ئەو سوارۆیانەی کە دۆستی ژینگەن ببەخشرێن لە ئەنجامدانی پشکنینەکان لە سێ ساڵی یەکەمدا.

**سێیەم:** سەرچاوە جولاوەکان قەدەغە دەکرێن لە بەکارهێنان ئەگەر دەرکەوت ئەنجامەکانی پشکنین ناگونجێت لەگەڵ دیاریکەرە باسکراوەکانی ئەو ڕێنماییانەی کە لە پاشکۆی ژمارە (٧) دا هاتووە ، تاکو چاك دەکرێتەوە یان دەگۆڕدرێت .

**چـوارەم**: دیـاریکردنی خەسـڵەتەکانی ئەو سیسـتەمانەی کە پێویسـتە بەردەسـتبن لە سـوارۆکان بـۆ دڵنیابوون لە کۆنترۆڵ کردنی دەرهاویشتەی پیسکەرەکان .

**پێنجەم**: دیاریکردنی کوالێتی و ژمارەی ئامێرە پێویستەکان بـۆ پشـکنینی سـوارۆکان بەپێـی قەبـارەی کارو دڵنیابوون لەوەی کە کارمەندانی پشکنین بە باشی ڕاهێنراون لەسەر ئامێرەکانی پشکنین.

**ماددەی (١٢):**

گشت سەرچاوەوە چالاکی و پڕۆژەکان کاتێك سووتەمەنی بەکاردەهێنن بۆ مەبەستە پیشەسازی یان بیناسازییەکان یان وێستگەکانی بەرهەمهێنانی ووزە یـان دامەزراوە نەوتییەکـان، دەبێـت پابەنـدبن بەمانەی خوارەوە :

**یەکەم**: بەکارهێنـانی سـووتەمەنی گونجـاو بە پشتبەسـتن بەو خەسـڵەتانەی کە لە لایەن وەزارەتـی سامانە سروشتییەکان دەرچوێندڕاون .

**دووەم**: پێویسـتە دووکەڵ کێشـەکان بەکـاربهێنرێن بە مەرجێـك بەرزیەکانیـان تەواو و پێویسـت بێـت بەجۆریك کە کارنەکاتە سەر هەوای دەوروبەر، هەروەك لە ماددەی نۆیەم باسکڕاوە .

**سـێیەم**: بەکارهێنـانی سیسـتەمەکانی پـاڵاوتن و تەکنەلۆژیـا نوێیەکـان بـۆ کـۆنترڕۆڵکردنی گـازە دەرچووەکان.

**چـوارەم**: ڕەچـاوکردنی فاکتەرەکـانی کەش و هەواو دووری تەواو بـۆ نەگەیشـتنی دەرهاویشـتەی پیسـکەرەکان بـۆ ناوچەکـانی نیشـتەجێبوون و بازرگـانی و گەشـتوگوزارو کشـتوکاڵییەکان و هیتریش .

**ماددەی (١٣):**

گشت چالاکی و پڕۆژە گشتی و تایبەتەکان لە کاتی دیزاینکردنی دووکەڵ کێشەکان پابەند دەبن بەم فاکتەرو خەسڵەتانەی خوارەوە:

**یەکەم**: ئەو هۆکارانەی کە ڕەچاودەکرێن لە کاتی دیزاین کردنی دووکەڵ کێشەکان:

أ. خاسیەتە کیمیایی و فیزیاییەکانی مادده دەرچووەکان .

ب. قەبارەو خێرایی و پلەی گەرمی دەرهاویشتەکان .

ج. تیرەی دووکەڵ کێشەکە و ئەو کەرستانەی کە لە دروستکردنی بەکاردەهێنرێن.


د. ئاستی بەرزی دامەزراوەکان و تەلارەکان بە بەراورد بە ناوچەکانی دەوروبەری.

ذ. ئاستی بەرزی دامەزراوەکان و تەلارەکان بەبەراورد بە ناوچە هاوسێکان.

ر. خێرایی و ئاراستەی باو پلەکانی گەرمی و شێی هەوای دەورووبەر.

**دووەم**: خەسڵەتەکانی بەرزییەکانی دووکەڵ کێشەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- ئەو دووکەڵ کێشانەی کە تایبەتن بە چالاکییەکان وپڕۆژە پیشەسازییەکان :




دیاری کردنی بەرزی دووکەڵ کێشەکە بەم هاوکێشەی خوارەوە دەبێت :

$$Hg= H + 1.5L$$

کە:

Hg : بەرزی دووکەڵ کێشەکە پێوانە کراوە لە ئاستی بەرزایی زەوی لە بناغەی دووکەڵکێشەکە .

H : بەرزایی بینای پیشەسازییەکان لە بناغەی دووکەڵ کێشەکە.

L : کەمترین دووری ، بەرزایی h یان پانی w بیناکانی نزیك بیناکانی نزیك = ئەو بیناکان لە چوارچێوەی / نزیك نیوە تیرەکە دەکاتە L5بەڵام کەمتر لە ٨٠٠ مەتر.

ب-ئەو دووکەڵ کێشانەی کە کۆی گشتی دەرهاویشتەکانیان لە کاتژمێرێکدا زیاتر لە (١٥٠٠٠)کگم بێت، دەبێت بەرزی دووکەڵ کێشەکە بەلایەنی کەم دووجارونیو زیاتر بێت لە بەرزایی تەلارەکانی دەوروبەر لە نێویاندا ئەو تەلارەی کە دووکەڵ کێشەکەی تیدایە.

ج- پێویستە بەرزایی دووکەڵ کێشەکان لە شوێنە گشتییەکان و چێشتخانەو نانەواخانەو هۆتێل و کاروبارە بازرگانییەکان کەمتر نەبێت لە (٣) سێ مەتر لەسەر بەرزترین تەلار یان زیاتربێت، بەپێی سروشتی پڕۆژە یان چالاکیەکە.

**ماددەی (١٤):**

پاشماوەکانی شارەوانی یان پزیشکی یان هەر پاشماوەیەکی تر قەدەغەیە فرێبدرێت یان کۆبکرێتەوە یان بسووتێنرێت لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون یان ناوچە بازرگانی یان کشتوکاڵی یان پیشەسازییەکان و شوێنە گشتییەکان، بەڵکو دەبێت چارەسەر بکرێت و بە شێوەیەکی زانستی ژینگەیی لاببردرێت لە شوێنی تەرخانکراو بۆ ئەو مەبەستە .

**ماددەی (١٥):**

کۆنترۆڵکردنی دەرهاویشتە گازییەکان لە شوێنەکانی فڕێدان و ژێر خاکردنی پاشماوەکان کە لە ئێستا هەن یان ئەوانەی کە لە ئایندەدا دروست دەکرێن لەڕێگەی:

**یەکەم**: کۆنترۆڵکردنی دەرهاویشتەکانی گازی میسان بە بەکارهێنانی سیستەم و تەکنەلۆژیا نوێیەکان بۆ کۆکردنەوەی گازەکان و سوود وەرگرتن لێیان لە بەرهەمهێنانی ووزەدا.

**دووەم**: کۆنترۆلکردنی خۆڵ و بۆنە دەرچووەکان و نەهێشتنی روودانی ئاگرکەوتنەوەکان لە شوێنەکانی فرێدان و ژێر خاکردنی پاشماوەکان.

**سێیەم**: نەهێشتنی فرێدان یان شاردنەوەی پاشماوە ترسناکەکان لە شوێنەکانی ژێرخاکردنی پاشماوەکانی شارەوانی ئەمەش بۆ دووركەوتنەوەیە لە دەرچوونی گازە ژەهراوییەکان.

**ماددەی (١٦):**

خاوەن چالاکی و پڕۆژەکان پابەند دەبن بە وەرگرتنی ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ لێنەچوون یان دەرچواندنی پیسکەرەکانی هەوا لەناو شوێنی کاردا, چ بەهۆی سروشتی ئەنجامدانی چالاکییەکانی بێت یان کەم وکورپییەك لە دەزگا و ئامێرەکان بێت, ئەمەش لەڕیگەی دابینکردنی ئامێر و ئامراز و کەرستەو سووتەمەنی گونجاو دەبێت و دڵنیابوون لەوەی کە هەوا گۆڕگێی گونجاو و شیاو هەیە و دروستکردنی دووکەڵ کێشەکان و دامەزراندنی سیستەمەکانی کۆنترۆڵکردنی پیسکەرەکان لەگەڵ ڕەچاوکردنی ماوەی بەرکەوتنی کارمەندان بە پیسکەرەکان.

**ماددەی (١٧):**

ڕشاندنی قڕکەرەکانی مێرووله یان هەر ماددەیەکی کیمیایی تر بۆ مەبەستە کشتوکاڵییەکان یان پێویستییەکانی تەندروستی گشتی قەدەغەیە تەنها پاش وەرگرتنی ڕەزامەندییەکان نەبێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی کە هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و تەندروستی لە هەرێم یان عێراق دا دیاری دەکەن، لەگەڵ پابەندبوون بەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە:

**یەکەم**: پێڕاگەیاندنی سەنتەرەکانی تەندروستی و ڤیتێرنەری بە کوالێتی ئەو ماددانەی کە دەڕشێندرێن لەگەڵ دژە ژەهراویبوونەکان و وادەی پرۆسەکانی ڕشاندن.

**دووەم**: دابینکردنی پێداویستیەکانی فریاکەوتنە سەرەتاییەکان.

**سێیەم**: ئاگادارکردنەوەی دانیشتووان بە نزیك نەکەوتنەوە لەو شوێنانەی کە دەڕشێندرێن.

**چوارەم**: ئەو کارمەندانەی کە هەڵدەستن بە ڕشاندن دەبێت تایبەتمەند و ڕاهێنراوبن.

**ماددەی (١٨):**

گشت ئەو چالاکی و پڕۆژە تاکەکەسیانە لەکاتی هەڵسان بە کارەکانی گەڕان یان هەڵکەندن یان دروستکردن یان تێکدان یان گواستنەوەی پاشماوە یان خۆڵ, دەبێت ووریابوونی پێویست لەکاتی کارەکان وەربگرن وێڕای ووریابوونە پێویستەکان بۆ ئەمبارکردن یان گواستنەوەی سەلامەتی ئەم پاشماوانە بۆ نەهێشتنی پەرشوبڵاوبوونی, ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: ئەو کەرستانەی کە قابیلی پەرشوبڵاوبوونەوەن لە شوێنی کارکردندا دەبێت داپۆشرێن بۆ ئەوەی نەبنە هۆی پیسبوونی هەوای دەوروبەر.

**دووەم**: گواستنەوەی پاشماوە و خۆڵەکانی پەیدابوو لەم چالاکیانە لەناو کۆنتێنەر یان ئامانی تایبەت بەبەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوە کە ئامادەو مۆڵەتدراون بۆ ئەم مەبەستە و پابەندبوون بەدانانی چادر لەسەر باری ئۆتۆمبێلەکە.

**سێیەم**: شارەوانی پەیوەندیدار بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکان دەبێت هەڵسێت بە دیاریکردنی ئەو شوێنانەی کە گواستنەوەی پاشماوەکانی بۆ دەکرێت، بۆ رزگاربوون لەو پاشماوانە بەجۆرێك کە دووریەکەیان لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار مەتر کەمتر نەبێت لە نزیکترین ناوچەی نیشتەجێبوون یان ناوچەی بازرگانی یان پیشەسازی.

**ماددەی (١٩):**

ئەو چالاکی و پڕۆژانەی کە هەن لەگەڵ فراوانبوون و نوێکارییەکانیان تێیاندا گوێڕایەڵی ئەو ئەحکام و ماددانە دەبێت کە لەم ڕێنماییەدا هاتوون.

**ماددەی (٢٠):**

گشت ئەو سەرچاوە و چالاکی و پڕۆژانەی کە پیسکەرەکان دروست دەکەن دەبێت پابەندبن بە دیاریکەرەکان و ئاستەکانی دەرهاویشتن بەپێی پاشکۆکانی (١ و٢ و ٣و٤ و٥ و٦ و٧) کە لەم ڕێنماییانەدا باسکراون.

**ماددەی (٢١):**

پاشکۆکانی (١ و٢ و ٣و٤ و٥ و٦ و٧) بەشێکن لەم ڕێنماییانە هەموار یان نوێ دەکرێنەوە بەپێی پێوەرە جیهانییەکان لە کاتی پێویست دا.

**ماددەی (٢٢):**

بەند و پاشکۆ باسکراوەکانی ئەو ڕێنماییە نوێ دەکرێتەوەو هەمواردەکرێنەوە، بەپێی پیداویستییەکانی ژینگەیی لە ئایندە و بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ئەگەر پێویست بکات.

**ماددەی (٢٣):**

کاتەکان و درێژکردنەوەکانی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکرێت:

**یەکەم**: بەندەکان و بڕگەکانی ئەم ڕێنماییانە لەسەر گشت سەرچاوە چالاکی و پڕۆژەکانی دامەزراو پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە کە دروستکەری پیسکەرەکانن جێبەجێ دەکرێن بۆ ماوەیەکی کاتی زیاتر نەبێت لە (١) یەك ساڵ، بۆ ئەوەی چالاکی و پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازییەکانی بگونجێن لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

**دووەم**: دەستە دەتوانێت درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە کە لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیە باسکراوە زیاد بکات، زیاتر نەبێت لە دوو ساڵ بۆ پرۆژەکانی پیشەسازی قورس وەك ( پێشەسازییە نەوتییەکان وئاسن و پۆڵا وە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی ووزەی کارەباو کارگەکانی چیمەنتۆ و هەر پرۆژیەك کە لەنێو پیشەسازییە قورسەکان بێت کە لەلایەن دەستەوە دیاری دەکرێت) بەپێی ئەو داواکارییەکە کە لە لایەن خاوەنی پرۆژەکە پێشکەش دەکات بۆ دەستە پێش (٤٥) چل و پێنج ڕۆژ لە تەواوبوونی ماوەی ساڵی یەکەمدا.

**ماددەی (٢٤):**

**یەکەم** : هەر کەسێك سەرپێچی ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە بکات سزا دەدرێت بەپێی ئەحکامەکانی ماددەکانی چل و یەك و چل و دوو و چل و سێ لە یاسای پاراستن وچاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٠٨.

**دووەم** : سەرپێچکاری ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە ئەرکی ڕاگرتن و نەهێشتنی زیانەکانە کە بەرکەوتەی ژینگە دەبێت و دەبێت کاریگەرییەکانی لابەرێت، سەرەرای ئەوەش دەبێت قەرەبووی کاریگەری زیانەکان بکاتەوە .

**ماددەی (٢٥):**

ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١١ کە لەلایەن دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان دەرچووە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٢٦):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) کاری پێدەکرێت .

**ئەندازیار/ عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**

**پاشکۆی ژمارە(١)**

**بڕیارپاشکۆی ژمارە (١) / بڕیارەدەرکانی جۆری هەوای دەوروبەر**

| جۆری پیسکەر | سنووری ڕێپێدراو | تێکڕای کات |
|---|---|---|
| دووەم ئۆکسیدی گۆگرد ($SO_2$) | 160 (µg/m³) | یەك کاتژمێر |
| | 80 (µg/m³) | ٢٤ کاتژمێر |
| | 60 ( µg/m³ ) | ساڵانە |
| دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین ($NO_2$) | 120 (µg/m³) | یەك کاتژمێر |
| | 80 (µg/m³) | ٢٤ کاتژمێر |
| | 40 (µg/m³) | ساڵانە |
| یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن (CO) | 8 ( mg/m³ ) | یەك کاتژمێر |
| | 10 ( mg/m³ ) | ٨ کاتژمێر |
| ئۆزۆن ($O_3$) | 120 (µg/m³) | یەك کاتژمێر |
| | 100 (µg/m³) | ٨ کاتژمێر |
| تەنۆچکە ووردەکان(PM2.5 | 20 (µg/m³) | ٢٤ کاتژمێر |
| | 10 (µg/m³) | ساڵانە |
| تەنۆچکە ووردەکان (PM10) | 60 (µg/m³) | ٢٤ کاتژمێر |
| | 40 (µg/m³) | ساڵانە |
| قوڕقوشم (Pb) | 0.5 (µg/m³) | ساڵانە |
| | 1 ( µg/m3 ) | ٢٤کاتژمێر |

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

بەرزترین سنووری ڕێگەپێدراو بۆ پیسکەرەکانی هەوای دەرچوو لە پیشەسازیەکانی دروستکردن وبیناسازی

(ملیگرام/مەتر سێ جای پێوانەیی) mg/Nm³

| ژ | چالاکی | پیسکەرەکان | چڕی پیسکەرەکان | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چیمەنتۆ | تەنۆچکە ڕەقەکانی گشتی | ٣٠ | |
| | | دووەم ئۆکسیدی گۆگرد | ٤٠٠ | |
| | | دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین | ٤٥٠ | |
| | | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | ٢٥٠ | |
| | | کاربۆنی ئەندامی گشتی | ١٠ | |
| | | کلۆریدی هایدرۆجین | ١٠ | |
| | | فلۆریدی هایدرۆجین | ١ | |
| | | هەڵمی جیوە | ٠,٠٥ | |
| | | کادمیۆم وثالیۆم | ٠,٥ | |
| | | ئەنتیمۆن, زەرنیخ, قوڕقوشم, کرۆم, کوبالت, مس, مەنگەنیز, نیکل | ٠,٠٥ | |
| | | دایۆکسین وفیورانس | 0.1 Ng/m3 | |
| ٢ | خشت | | چڕی پیسکەرەکان | |
| | | | گازی سروشتی | دیزل |
| | | تەنۆچکە ڕەقەکانی گشتی | 30 | 50 |
| | | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | 250 | 500 |
| | | دووەم ئۆکسیدی گۆگرد | 50 | 300 |
| | | دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین | 500 | 500 |
| ٣ | گەچ | تەنۆچکە ڕەقەکانی | ٥٠ | |
| | | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | ٢٥٠ | |
| | | دووەم ئۆکسیدی گۆگرد | ٤٠٠ | |
| | | دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین | ٥٠٠ | |
| | | کلۆریدی هایدرۆجین | ١٠ | |
| ٤ | شوشە | تەنۆچکە ڕەقەکانی گشتی | ١٠٠ | |
| | | دووەم ئۆکسیدی گۆگرد | ٧٠٠ سووتەمەنی /گازی سروشتی<br>١٥٠٠ جۆرەکانی تری سووتەمەنی | |
| | | دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین | ١٠٠٠ | |
| | | کۆی گشتی فلۆریدەکان | ٥ | |
| | | کلۆریدی هایدرۆجین | ٣٠ | |
| | | زەرنیخ | ١ | |
| | | قوڕقوشم | ٥ | |
| | | کادمیۆم | ٠.٢ | |
| ٥ | سیرامیک وکەرەستە تەندروستیەکان | تەنۆچکە ڕەقەکانی گشتی | ٥٠ | |
| | | دووەم ئۆکسیدی گۆگرد | ٤٠٠ | |
| | | دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین | ٦٠٠ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥ | سیرامیك وكەرەستە تەندروستیەكان | فلۆریدی هایدرۆجین | ٥ |
| | | كلۆریدی هایدرۆجین | ٣٠ |
| | | پێكهاتەی ئەندامی لە با رۆیشتوو گشتی (VOCs) | ٢٠ |
| | | قورقوشم | ٠,٥ |
| | | كادمیۆم | ٠.٢ |
| ٦ | دروستكردنی بەردی خاو (میكسەرەكان وكەسارەكان) | تەنۆچكە رەقەكانی گشتی | ١٠٠ |
| ٧ | كارگەكانی تێكەڵكردنی ئەسفەلت | تەنۆچكە رەقەكانی گشتی | ٥٠ |
| | | یەكەم ئۆكسیدی كاربۆن | ٥٠٠ |
| | | پێكهاتەی ئەندامی لە با رۆیشتوو گشتی (VOCs) | ٥٠ |

**پاشكۆی ژمارە (٣)**

بەرزترین سنووری رێگەپێدراو بۆ پیسكەرەكانی هەوای دەرچوو لە پیشەسازییەكانی كانزایی ($mg/Nm^3$),

(ملیگرام/مەتر سێ جای پێوانەیی)

| ژ | چالاكی | پیسكەرەكان | چڕی پیسكەرەكان |
|---|---|---|---|
| ١ | پیشەسازی ئاسن وپۆڵا | تەنۆچكە رەقەكانی گشتی | ٥٠ |
| | | یەكەم ئۆكسیدی كاربۆن | ١٠٠ |
| | | دووەم ئۆكسیدی گۆگرد | ٥٠٠ |
| | | ئۆكسیدەكانی نایترۆجین | ٥٠٠ |
| | | پێكهاتەی ئەندامی لە با رۆیشتوو (VOCs) | ٢٠ |
| | | قورقوشم | ٢ |
| | | كرۆم | ٤ |
| | | كادمیۆم | ٠,٢ |
| | | نیكڵ | **٢** |
| | | دایوكسین وفیورانس | Ng/m3 ٠.١ |
| ٢ | پیشەسازی دارشتنی ئاسن | تەنۆچكە رەقەكانی گشتی | ٥٠ |
| | | یەكەم ئۆكسیدی كاربۆن | ٢٥٠ |
| | | ئۆكسیدەكانی نایترۆجین | ٥٠٠ |
| ٣ | دەرهێنانی كانزا نا ئاسنەكان | تەنۆچكە رەقەكانی گشتی | ٢٠ لصناعة قورقوشم<br>٥٠ لباقي المعادن |
| | | یەكەم ئۆكسیدی كاربۆن | ٢٥٠ |
| | | دووەم ئۆكسیدی گۆگرد | ٥٠٠ |
| | | ئۆكسیدەكانی نایترۆجین | ٤٠٠ |
| | | پێكهاتەی ئەندامی لە با رۆیشتوو (VOCs) | ١٥ |
| | | كۆی گشتی فلۆریدەكان | ١ |
| | | قورقوشم | ٢ |
| | | مس | ١٠ |
| | | هەڵمەكانی جیوە | ٠,٠٢ |
| | | نیكڵ | ١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | دارشتن ودامەزراندنی کانزاکان | تەنۆچکە رەقەکانی گشتی | ٥٠ |
| | | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | ٢٠٠ |
| | | دووەم ئۆکسیدی گۆگرد | ٤٠٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٤٠٠ |
| | | پێکهاتەی ئەندامی لە با رۆیشتوو | ١٥٠ |
| | | کۆی گشتی فلۆریدەکان | ٥ |
| | | کلۆر | ٥ |
| | | گۆگردی هایدرۆجین | ٥ |
| | | قورقوشم وکادمیۆم | ٢ |
| | | مس | ٢٠ |
| | | نیکڵ, کۆبەڵت, کرۆم | ٥ |

**پاشکۆی ژمارە ( ٤ - أ)**

بەرزترین سنووری رێگەپێدراو بۆ پیسکەرە هەواییە دەرچووەکان لە پیشەسازییەکانی کیمیاوی وکارگەکانی دەرمانی وکەرەستەکانی جوانکاری (mg/Nm3)

| ژ | چالاکی | پیسکەرەکان | چڕی پیسکەرەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ترشی نایتریک | ئەمۆنیا | ١٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٤٠٠ |
| ٢ | ترشی گۆگردیک | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٢٠٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی گۆگرد | ٤٥٠ دووەم ئۆکسیدی گۆگرد<br>٦٠ سێ یەمی ئۆکسیدی گۆگرد |
| | | گۆگردی هایدرۆجین | ٥ |
| ٣ | ترشی فسفۆریک | تەنۆچکە رەقەکان | ٥٠ |
| | | فلۆریدی هایدرۆجین | ٥ |
| ٤ | ترشی هایدرۆکلۆریک وکلرین | کلۆرین | ١ لە کاتی (Partial Liquefaction)<br>بەشە شل بوونەوە<br>٣ لە کاتی ( Complete<br>Liquefaction) شل بوونەوەی تەواو |
| | | کلۆریدی هایدرۆجین | 20ppm |
| | | جیوە | 0.2 |
| ٥ | خوێیەکان | تەنۆچکە رەقەکانی گشتی | ٥٠ |
| | | ئەمۆنیا | ٥٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٢٠٠ |
| | | گۆگردی هایدرۆجین | ٥ |
| ٦ | رەشەکەی کاربۆن | تەنۆچکە رەقەکانی گشتی | ٣٠ |
| | | ماددە ئەندامی لە با رۆیشتووەکان | ٥٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٦٠٠ |
| | | دووەم ئۆکسیدی گۆگرد | ٨٥٠ |
| | | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | ٥٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | دروستکردنی گۆرانکاری بۆ پۆلیمەرەکان و ئۆلفینەکان کە کێشەی گەردەیان نزمە، و بۆندارەکان و پێکهاتە ئۆکسێنراوەکان وپێکهاتە نایترۆجێنراوەکان وپێکهاتە هالۆجێنراوەکان | تەنۆچکە ڕەقەکانی | ٥٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٢٠٠ |
| | | دوانە ئۆکسیدی گۆگرد | ٥٠٠ |
| | | کلۆریدی هایدرۆجین | ١٠ |
| | | ئەکریلۆنتریل | ٥ |
| | | ئەمۆنیا | ١٥ |
| | | مادده ئەندامی لە با ڕۆیشتوو | ٢٠ |
| | | کۆی گشتی توخمە قورسەکان | ١.٥ |
| | | جیوە | ٠.٢ |
| | | فورماڵدیهاید | ٠.١٥ |
| | | دایۆکسین وفیوران | ٠.١ (Ng/m3) |
| | | بەنزین | 5 |
| | | ١,٢ داي كلوروميثان | 5 |
| | | ئەثیلین | 150 |
| | | سیانیدی هایدرۆجین | 2 |
| | | گۆگردی هایدرۆجین | 5 |
| | | نتروبنزین | 5 |
| | | گۆگرد ئەندامی | 2 |
| | | کۆی فینۆلەکان | 10 |
| | | کابرۆلاکتام | 0.1 |
| ٨ | دەرمان وکەرەستەکانی جوانکاری | تەنۆچکە ڕەقەکانی گشتی | ٢٠ |
| | | مادده ئاکتیڤەکە | ٠.١٥ |
| | | مادده ئەندامی لە با ڕۆیشتوو | ١٥٠ |
| | | بنزین و فینیل کلۆریدی ودوانە کلۆرۆی ئیثان (هەر یەك بە جیا) | ١ |
| | | کلۆریدی هایدرۆجین | ٢٠ |
| | | ئەمۆنیا | ٢٠ |
| | | برۆمیدی هایدرۆجین | ٢ |
| | | زەرنیخ | ٠.٠٥ |
| | | ئۆکسیدی ئەثیلین | ٠.٥ |

**پاشکۆی ژمارە ( ٤ - ب)**

بەرزترین سنووری ڕێگەپێدراو بۆ پیسکەرە هەواییە دەرچووەکان لە پیشەسازییەکانی کیمیایی (mg/Nm3)
(ملیگرام/مەتر سێ جای پێوانەیی)

| ژ | چالاکی | پیسکەرەکان | چڕی پیسکەرەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | پەیینی نایترۆجینییەکان | تەنۆچکە ڕەقەکانی | ٥٠ |
| | | ئەمۆنیا | ٥٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٥٠٠ |
| ٢ | پەیینی فۆسفاتییەکان | تەنۆچکە ڕەقەکانی گشتی | ٥٠ |
| | | ئەمۆنیا | ٥٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٥٠٠ |
| | | فلۆریدەکان | ٥ |
| | | فلۆریدی هایدرۆجین | ٥ |
| | | کلۆریدی هایدرۆجین | ٣٠ |
| ٣ | دڵۆپاندنی قیتران وخەڵوس | تەنۆچکە ڕەقەکانی گشتی | ٥٠ |
| | | مادده ئەندامیەکان لە با ڕۆیشتوو | ٥٠ |
| | | هەڵمەکانی قیتران | ٥ |
| ٤ | پاککردنەوەی ڕۆنی کانزایی | تەنۆچکە ڕەقەکانی گشتی | ٥٠ |
| | | دوانە ئۆکسیدی گۆگرد | ١.٢ |
| ٥ | چارەسەرکردنی ڕووەکان بە مادده ئەندامیەکان | تەنۆچکە ڕەقەکانی گشتی | ٣ |
| | | دوانە ئۆکسیدی نایترۆجین | ٠.٣٥ |
| | | ئەمۆنیا | ٠.١ |
| | | ڤینۆلەکان وفۆرماڵدیهایدەکان | ٣٠ |
| ٦ | پاڵاوتنی نەوت | تەنۆچکە ڕەقەکانی | ٥٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی گۆگرد | ١٥٠ بۆ یەکەکانی جیاکردنەوە (إستخلاص) گۆگرد<br>٥٠٠ بۆ یەکەکانی تر |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٤٥٠ |
| | | ڤەنادیۆم | ٥ |
| | | نیکڵ | ١ |
| | | گۆگردی هایدرۆجین | ١٠ |
| ٧ | یەکەکانی چارەسەرکرنی گازی سروشتی | تەنۆچکە ڕەقەکانی | ١٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ١٥٠ |
| | | دوانە ئۆکسیدی گۆگرد | ٧٥ |
| | | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | ١٠٠ |
| | | پێکهاتەی ئەندامیەکان لە با ڕۆیشتوو | ١٥٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | پیشەسازی وقتووکردنی قڕکەرەکان | دەنکۆڵە (الجسیمات) رەقەکانی گشتی | ٢٠ |
| | | مادده ئەندامیەکانی گشتی | ٥٠ |
| | | پێکهاتەی ئەندامیەکان لە با رۆیشتوو | ٢٠ |
| | | کلۆریدەکان | ٥ |
| | | کلۆریدی هایدرۆجین<br>سیانیدی هایدرۆجین<br>گۆگردی هایدرۆجین | ٢ |
| | | ئەمۆنیا | ٢٠ |
| ٩ | پیشەسازی دار وبەرهەمەکانی | تەنۆچکە رەقەکانی | ٥٠ |
| | | فورماڵدیهایدەکان | ٢٠ |
| | | مادده ئەندامیەکان لە با رۆیشتوو گشتی (وەکوو کاربۆن پێوانەکراو) | ١٢٠ |
| ١٠ | کاغەز | تەنۆچکە رەقەکانی گشتی | ٠.٥ کگم/تەن |
| | | دووەم ئۆکسیدی گۆگرد | ٠.٤ کگم/تەن للکرافیت<br>١کگم/تەن لەجۆرەکانی أخری |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ١.٥ کگم/تەن |
| ١١ | چاپکردن | تەنۆچکە رەقەکانی گشتی | ٥٠ |
| | | مادده ئەندامیەکان لە با رۆیشتوو | ١٠٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٥٠٠ |
| | | ئایزوسیاناتەکان | ٠.١ |
| ١٢ | چارەسەرکردنی رۆنی رووەکی | تەنۆچکە رەقەکانی گشتی | ٥٠ |
| | | ماددەئەندامیەکان لە با رۆیشتوو گشتی | ١٠٠ |
| ١٣ | چارەسەرکردنی رووەکانی کانزایی یان پلاستیکی یان لاستیکیەکان(مەتاتی) | تەنۆچکە رەقەکانی گشتی | ٥٠ |
| | | کلۆریدی هایدرۆجین | ١٠ |
| | | ئۆکسیدەکانی نایترۆجین | ٣٥٠ |
| | | ئەمۆنیا | ٥٠ |
| | | مادده ئەندامیەکان لە با رۆیشتوو | ١٠٠ |
| | | کاربۆنی ئەندامیەکان گشتی | ٨٠ |
| | | مادده ئەندامیەکان هەڵۆجینکراو لە با رۆیشتوو | ٢٠ |

**پاشکۆی ژمارە (٥)**

بڕیاردەرەکانی دەرهاوێشتە دەرچووەکان لە وێستگەکانی دروستکردنی ووزە وبۆیلەرەکان وموەلیدە کارەباییەکان وهەر سەرچاوەیەکی تر

| چالاکی | پیسکەرەکان | جۆری سووتەمەنی بەکارهاتوو | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | گازی سروشتی | گازی كۆك وگازەکانی چارەسەرکردن | دیزڵ | خەڵوس: کەمتر لە ٦٠٠ میگاوات | خەڵوس: زیاتر لە ٦٠٠ میگاوات | پاشماوەکانی کشتوکاڵ |
| | | بەرزترین ئاستی ڕێگەپێدراو (mg/ Nm3) | | | | | |
| وێستگەکانی دروستکردنی ووزە وبۆیلەرەکان | تەنۆچکە رەقەکانی گشتی | 50 | 100 | 100 | 50 | | 50 |
| | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن | 100 | 300 | 250 | 250 | | 250 |
| | دووەم ئۆکسیدی گۆگرد | 150 | 350 | 300 | 450- 1300 | 450- 850 | 100 |
| | دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین | 500 | 500 | 500 | 20- 500 | | 500 |
| | قوڕقوشم (لە تەنۆچکە رەقەکانی) | / | 2 | 2 | / | | / |
| | هەڵمەکانی جیوە | / | 1 | 1 | / | | / |

**پاشکۆی ژمارە (٦)**

بڕیاردەرەکانی دەرهاوێشتەی پیسکەرەکان لە سووتێنەرەکانی پاشماوەی شارەوانی ومەترسیدار

| جۆری سووتێنەر | سووتێنەرەکانی پاشماوەی شارەوانی | سووتێنەرەکانی پاشماوەی پزیشکی |
|---|---|---|
| بەرزترین ئاستی ڕێگەپێدراو (mg/Nm3) | | |
| تەنۆچکە رەقەکانی گشتی | ٢٠ | ١٠ تێکرای رۆژانە |
| دووەم ئۆکسیدی گۆگرد($S0_2$) | ١٠٠ | ٥٠ تێکرای رۆژانە |
| ئۆکسیدەکانی نایترۆجین(NOX) | ٣٠٠ | ٢٠٠ تێکرای رۆژانە |
| یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن (CO) | ١٠٠ | ٥٠ تێکرای رۆژانە |
| ماددە ئەندامیەکان لە با رۆیشتوو (VOCs) | ٢٠ | ١٠ تێکرای رۆژانە |
| ترشی هیدرۆکلۆریك(HCL) | ٢٠ | ١٠ تێکرای رۆژانە |
| ترشی هیدرۆفلۆریك (HF) | ٢ | ١ تێکرای رۆژانە |
| کانزاییە قورسەکان وپێکهاتەکانیان | قوڕقوشم وکادمیۆم وپێکهاتەکانی= 0.1 جیوە وپێکهاتەکانی =0.1 | Pb , Cd, Cr, Sb, As, Co Cu, Ni, Mn, ) (Sn, V وپێکهاتەکانیان=0.1 |
| کۆی گشتی کانزاییە قورسەکان وپێکهاتەکانیان | ٠.٥ | ٠.٥ |
| دایۆکسینەکان وفیۆرانسەکان | 0.1 (Ng/m3) نانۆ گرام/مەتر سێ جای ( TEQ ) (Toxic Equivalent) (ژەهرە هاوتا) | |

**پاشکۆی ژمارە(٧)**

بریاردەرەکانی دەرهاوێشتەکان لە بزوێنەری هۆکارەکانی گواستنەوە وماتۆریسکیلەکان

١- هۆکارەکانی گواستنەوە کە بە بەنزین ودیزڵ کار دەکات

| هۆکاری گواستنەوە | پیسکەرەکان | مۆدیلەکان | | ڕێگاکانی پێوانەکردن | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | پێش ٢٠٠٥ | ٢٠٠٥- ٢٠١٥ | دوای ٢٠١٥ | |
| هۆکاری گواستنەوە کە بە بەنزین کار دەکات | HC (PPM) | 600 ppm | 300 ppm | 200 ppm | لە کاتی کەمترین خێرایی (٦٠٠-٩٠٠ خول/خولانەوە) |
| | CO% | لە 4%ی قەبارە | لە 1.5%ی قەبارە | لە 1.2%ی قەبارە | لە کاتی کەمترین خێرایی (٦٠٠-٩٠٠ خول/خولانەوە) |
| هۆکاری گواستنەوە کە بە دیزڵ کار دەکات | ناروونی | %٣٠ | | لە کاتی بەرزترین توندی (تعجیل) | |

٢- ماتۆرسکیلەکان

| سەرچاوە | قەبارەی بزوێنەر | دووەم خولانەوە | | سێیەمی خولانەوە | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | HC% | CO% | HC% | CO% |
| مانۆرسکیلەکان کە لە خزمەتدان | - | لە % 1.1ی قەبارە | لە ٥.٥%ی قەبارە | لە ٠.٤٥%ی قەبارە | لە ٥.٥%ی قەبارە |
| مانۆرسکیلەکان کە لە خزمەتدان لە دوای دەرکردنی ڕێنماییەکان | کەمتر لە ١٢٥ سم٢ | لە ٠.٧%ی قەبارە | لە ٤%ی قەبارە | لە ٠.٤%ی قەبارە | لە ٤%ی قەبارە |
| | لە (١٢٦- ٥٠٠ ) سم٢ | لە ٠.٤٥%ی قەبارە | لە ٣.٦%ی قەبارە | لە ٠.٢٥%ی قەبارە | لە ٣.٦%ی قەبارە |
| | زیاتر لە ٥٠٠ سم٢ | لە ٠.٣%ی قەبارە | لە ٣%ی قەبارە | لە ٠.١%ی قەبارە | لە ٢.٥%ی قەبارە |

تێبینی یە هونەریەکان سەبارەت بە پاشکۆکان :

١) پاشکۆکانی (١ , ٢, ٣, ٤ (أ,ب), ٥, ٦ ,٧ ):

أ. مەتر سێجای پێوانەیی { ($Nm^3$ ) Normal Cubic Meter } ئەو مەتر سێجایەیە لە گازی ووشك لە بارودۆخەکانی (25 C°) و (١) یەك پەستانی کەش.

ب. پێوانەکردنی چڕی پیسکەرە باسکراوەکان لە پاشکۆکانی سەرەوەوە و هەر ماددەیەك کە لە ئگزۆزی ئۆتۆمبیلەکان یان ماتۆرسکیلەکان دەردەچن بەو شێوەیەی کە لەلایەن ئاژانسی ژینگەی ئەمریکی (EPA) (Environmental Protection Agency ) پەسەندکراوە وەك ڕێگەیەك بۆ پێوانەکردنی سەرەچاوەیی یان هاوتای ئەو لە ڕێگەکانی پێوانەکردنی سەرچاوەیی زانستی لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەی

خوارەوە بۆ پێوانەکردنی چڕی ئەو پیسکەرانەی کە لە دووکەڵ کێشەکانی چالاکییە پیشەسازییەکان دەردەچن :

چڕی راستەقینەی پیسکەرەکە لە بارودۆخە پێوانەییەکان (ستانداردەکان) =

$$\text{پێوانەکراو چڕی} \times \frac{(21 - \text{سەرچاوەیی ئۆکسجینی ڕێژەی})}{(21 - \text{پێوراو ئۆکسجینی ڕێژەی})} \times \frac{\text{پێوراو گەرمی پلەی م ° } + 273}{273} \times \frac{1}{\text{پێوراو کەشی پەستانی}}$$

ج. بارودۆخە سەرچاوەیەکان بۆ پیشەسازیە باسکراوەکان لە پاشکۆکان بە ڕێژەی ئۆکسجین و پلەی گەرمی ٢٧٣ گلڤن و پەستانی (١) کەش (کەشەپەستان) دیاری دەکرێت

٢) پاشکۆی ژمارە (٦) :

أ. دایۆکسینەکان و فیورانەکان : بریتین لە ئاوێتەی فرە کلۆری ترسناك کە زەرەر و زیانی تەندروستی و ژینگەیی یان هەیە کە ئاوێتەکانی دووەم بەنزۆ – بارا – دایوکسین – فرە کلۆری و ئاوێتەکانی دووەم بەنزۆ فیوران فرە کلۆری , ئاوێتەی ئەرۆماتی (عەتری) سێ ئەڵقەیی پێکدێن لە دوو ئەڵقەی بەنزینی بەستراو بە دوو گەردیلەی ئۆکسجین لە حاڵەتی پێکهاتەکانی دایۆکسین و بە یەك گەردیلەی ئۆکسجین لە حاڵەتی ئاوێتەکانی فیوران و دەکرێت شوێنی گەردیلەکانی هایدرۆجین بگرنەوە کە دەگاتە هەشت گەردیلەی کلۆر و شوێنەکانیان ئالوگۆڕ دەکەن لە ئاوێتەکە.

ب. تێکڕای چڕی دایوکسینەکان و فیورانساتەکان لەماوەیەکی نموونەیی (٦) کاتژمێری وەك کەمترین رادە و (٨) کاتژمێر وەك زۆرترین رادە دەپێورێن. بەهای دیاریکەری دەرهاوێشتەی چڕی گشتی لە دایۆکسینەکان وفیورانەکان وەك هاوتا (هاوهێز)ێکی ژەهراوی (TEQ) وەك ئەمەی خوارەوە:

- (TEF) Toxicity Equivalence Factor: هاوکۆلکەی هاوهێزی بۆ ژەهرێتی.
- (TEQ) Toxicity Equivalence: ئەو بڕە گشتی یە هاوتایەیە ( ژەهرێتی هاوتا) کۆی گشتی چڕییەکان لە ئاوێتەکانی دایۆکسینەکان وفیورانەکان .
- (TEQ) حساب دەکرێت لەرێگەی لێکدانی کێشی راستەقینە بە گرام بۆ هەر ئاوێتەیەکی دایوکسین یان فیوران لە هاوکۆڵکەی ژەهرێتی هاوتا (TEF)ی بەرامبەر ئەو و دواتریش ئەنجامەکان کۆدەکرێتەوە. ئەو ژمارەیەی لە هاوکێشەکەوە بەرهەم دێت (TEQ) دەنوێنێت.
- (TEQ)= کۆی گشتی ( TEF × چڕی) بۆ هەر جۆرێك لە دایۆکسین و فیوران

ئەم خشتەیەی خوارەوە بەهاکانی هاوکۆڵکەی ژەهرێتی هاوتا(هاوهێز) (TEF ) بۆ ئاوێتەکانی دایۆکسین و فیوران دەنوێنێت

| ژ | | ئاوێتەکانی دایۆکسین / Dioxin فیوران Furan | هێما | TEF |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دایۆکسینەکان | Tetrachlorodibenzo-p-dioxin | 2,3,7,8-TCDD | 1 |
| 2 | | Pentachlorodibenzo-p-dioxin | 1,2,3,7,8-PeCDD | 0.5 |
| 3 | | Hexachlorodibenzo-p-dioxin | 1,2,3,6,7,8-HxCDD | 0.1 |
| 4 | | Hexachlorodibenzo-p-dioxin | 1,2,3,4,7,8-HxCDD | 0.1 |
| 5 | | Hexachlorodibenzo-p-dioxin | 1,2,3,7,8,9-HxCDD | 0.1 |
| 6 | | Heptachlorodibenzo-p-dioxin | 1,2,3,4,6,7,8-HpCDD | 0.01 |
| 7 | | Octachlorodibenzo-p-dioxin | 1.2,3,4,6,7,8,9-OCDD | 0.001 |
| 8 | فیورانەکان | Tetrachlorodibenzofuran | 2,3,7,8-TCDF | 0.1 |
| 9 | | Pentachlorodibenzofuran | 1,2,3,7,8-PeCDF | 0.05 |
| 10 | | Pentachlorodibenzofuran | 2,3,4,7,8-PeCDF | 0.5 |
| 11 | | Hexachlorodibenzofuran | 1,2,3,6,7,8-HxCDF | 0.1 |
| 12 | | Hexachlorodibenzofuran | 1,2,3,7,8,9-HxCDF | 0.1 |
| 13 | | Hexachlorodibenzofuran | 1,2,3,4,7,8-HxCDF | 0.1 |
| 14 | | Hexachlorodibenzofuran | 2,3,4,6,7,8-HxCDF | 0.1 |
| 15 | | Heptachlorodibenzofuran | 1,2,3,4,6,7,8-HpCDF | 0.01 |
| 16 | | Heptachlorodibenzofuran | 1,2,3,4,7,8,9-HpCDF | 0.01 |
| 17 | | Octachlorodibenzofuran | 1,2,3,4,6,7,8,9-OCDF | 0.001 |

٣) پاشکۆی ژمارە ٧ :

أ. پێوانەکردن لە خێرایی خاو ئەنجام دەدرێت.

ب. وشەی قەبارە واتای ڕێژەی قەبارەیی % (v/v) پیسکەرەکە بۆ کۆی گشتی دەرهاوێشتەکان لە قەبارەیەکی دیاریکراو دەگەیەنێت.

ج. پێوانەکردنی چری هەر ماددەیەکی دەرچوو لە ئیگزۆزی ئۆتۆمبێلەکان و ماتۆرسکیلەکان, لەو ڕێگە پەسەندکراوەیە کە لەلایەن ئاژانسی ژینگەی ئەمریکی یان هاوتاکەی لە ڕێگەکانی پێوانەکردنی سەرچاوەیی جیهانی دەگیرێتەبەر پشتی پێدەبەسترێت .